وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ژمـــارە : ٦٦٨٦ لـــــە ٢٠١١/٥/١٩

## ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )

## مامەڵە و سەودا کردن و بەرهەمهێنانی دەرمان وفاکسین و پێداویستیە ڤێتێرنەرییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە کە لە دەقەکانی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە واتای ئەمەیە کە بەرانبەر هەر یەکەیان نووسراوە :

هــەرێـم : هەرێمی کوردستان — عێراق .

وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان .

وەزیـــــر : وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان .

بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری .

بــەڕێــوەبــەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری .

ســەندیکا : سەندیکای پزیشکانی ڤێتێرنەری کوردستان - عێراق .

ماددەکان : گشت ئەوماددەو کەرستە ڤێتێرنەرییانە دەگرێتەوە کە لە ماددەی دووەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە .

**ماددەی دووەم :**

مەبەست لە ماددە و پێداویستی ڤێتێرنەرییەکان ئەمانەی لە خوارەوە دێن :

أ. دەرمان و ئامادەکراوەکان کە بەکاردەهێنرێن لە چارەسەرکردن و نەشتەرگەری و پاراستنی ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی

ب. ڤاکسینەکان ( پێکوتەکان ) و ئامادەکراوە بایۆلۆجی و کیمیاوییەکان ،کە بەکاردەهێنرێن بۆ پاراستنی ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی لە نەخۆشییەکان .

ج. بەروبووم و ئامادەکراو و زیادە ئالیکییەکان کە تایبەتن بە ئالیکی ئاژەڵ و پەلەوەڕ و ماسی .

د. ئامادەکراوە کیمیاویی و بایۆلۆجییەکان کە بەکاردەهێنرین لە قەلاچۆکردنی مەگەز و مشەخۆرە زیانبەخشەکان کە تووشی ئاژەڵ و پەلەوەڕ و ماسی دەبن .

هـ. ئامادەکراوە کیمیاویی و بایۆلۆجییەکان کە تایبەتن بە قەلاچۆکردنی گیانەوەرە زیانبەخشەکان .

و. ڕێکخەر و هاندەرەکانی گەشە لە هۆرمۆنەکان بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی .

ز. کەرەستەو ئامێرەکان و ماددە تاقیگەییە ڤێتێرنەرییەکان .

ح. پاککەرەوە (المطهرات) وپاکژکەرەوە (المعقمات) ڤێتێرنەرییەکان .

ط. کەرستەکانی چاککردنی دەستکرد و گواستنەوەی کورپەلە .

**ماددەی سێیەم :**

**یەكەم :** هەر ماددەیەكی ڤێتێرنەری كە لە ماددەی دووەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە و بۆ هەرێمی كوردستان هاوردە دەكرێت دەبێت ئەم زانیارییانەی لەسەر بێت (ناوی بازرگانی ، پێكهاتەكانی ، شوێنی دروستكردنی ، ڕێژەی توخمە كاریگەرەكان ، پۆلینی بە پێی ئەو ماددە ژەهراوییانە ی كە تیایدایە ، بەكارهێنانە پزیشكییەكانی ، قەدەغەكردنـەكانی و كاریگـەرە لاوەكییـەكانی و هـەموو ئـەو زانیاریـە بەسـوودانە كـە تایبـەتن بـە بەكارهێنانیان و دۆزەكانیان و برەكانیان و دیاركردنی ڕێكەوتی دروستكردن و بەسەرچوونی .هەروەها ماوەی چاوەڕوانی كردن بۆ كوشتنەوەوبەكارهێنانی شیرو زانیاری لەسەر مەرجەكانی پاراستن و كۆگاكردن .ماددەكە دەبێت هاوجووت بێت لەگەڵ ڕێنماییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەگەڵ گەرەنتی سەلامەتی تەندروسـتی گشتی . پێویستە ئەم زانیاریانەی سەرەوە نووسرا بن لەسەر ماددەكە و بلاوكراوەی (لیفلێت) ناوەوەی ، و بە یەكێك لەم زمانانەی (ئینگلیزی – كوردی – عەرەبی) نووسرابێت .دەبێت ئەو ماددە هاوردانە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار كرابن بۆ دڵنیا بوون لە كاریگەری ماددەكەو هاوجووت بوونی لەگەڵ پێوەر و مەرجە هونەرییە بڕواپێكراوەكان و تا چەندیش پێویستیمان بەو ماددە هەیە .

**دووەم :** بلاْوكراوە زانستیە ڕێكلامییەكان كە برەو بە كڕین و فرۆشتنی كەرەستە ڤێتێرنەرییەكان دەدەن دەبێت بەپێی مەرجە یاساییەكان بن كە بۆ ئەم مەبەستە روونكراونەتەوە . نابێت ڕێكلام و برەو دان بۆ كڕین و فرۆشتنی ئەو ماددانە بكرێت كە لە لایەنی پەیوەندار رەزامەندی هاوردە كردنی لەسەر نەدراوە .

**سێیەم :** هەموو ئەو ماددە و كەرەستانەی كە لە مادەی دووەم هاتوون لە كاتی هـاوردەكردن مـل كـەچ دەبـن بـۆ پشكنین و لێوردبونەوەو شیكردنەوەی تاقیگەیی . لەسەر لایەنە فەرمییە پەیوەندارەكانـە كـە پـشكنینی پێویست بۆ ئەو هاوردانەبكات لە ماوەیەك كە لە ( ٦٠ ) شێست رۆژ زیاتر نەخایەنێت ، بۆ تۆمـاركردنی ماددەكە بۆ یەكەم جار و بەپێی پێویستی زانستی بۆ پشكنین و شیكردنەوەی تاقیگەیی ، بۆ دڵنیا بوون لە گونجاو بوون و سەلامەتی و داواكار بەم زانیارییانە ئاگاداردەكرێتەوە .

**ماددەی چوارەم :**

**یەكەم :** نابێت هاوردەكردن و بازرگانی كردن بە ڤاكسینی ڤێتێرنەری تایبەت بە نەخۆشیە سنووربەزینەكان بكرێت لە لایەن كەرتی تایبەت ، هاوردەكردنی تەنها لە لایەن وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی یەوە دەبێت ، جگە لەچەند بارێكی تایبەت ، ئەویش لە ژێر سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دا بێت .

**دووەم :** دەكرێت كەرتی تایبەت ڤاكسینی تایبەت بە پەلەوەڕ هاوردە بكات و بازرگانی پێوەبكات ، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی پێویست لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

**سێیەم :** بە مەبەستی بەکارهێنانی ڤاکسین لە پرۆژە گەورەکانی تایبەت بە پەلەوەر ، هاوردە کردن دەبێت بە ڕەزامەندی ئاسایی فەرمی وبەپێی پێویستی تەندروستی کرداری پرۆژەکەبێت ، بە مەرجێك داواکاری هاوردن لە لایەن پزیشکی ڤێتێرنەری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە لە چوار چێوەی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە پێشکەش بکرێت و نابێت ئەو ڤاکسینانە دابەشبکرێن یان بفرۆشرێنەوە .

**ماددەی پێنچەم :**

**یەکەم :** بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەو ماددە ڤێتێرنەرییانەی کە لە مادەی دووەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتوون هاوردە بکرێن تەنها بە پێی مۆلەتی فەرمی کە لە لایەن وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەردەگیرێت .

**دووەم :** قەدەغەکردنەکە بەرهەمهێنان و دەستاو دەستکردنی ماددەو کەرستەکانی کە لە ماددەی دووەم دا هاتوون دەگرێتەوە .

**ماددەی شەشەم :**

وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێنمایی دەردەکات کە تیادا پێکهاتە کیمیاوییە زەرەرمەندەکان و توخمە ژەهرەکان و ماددە نەخوازراوەکان لە ماددە و کەرستە ڤێتێرنەرییەکان دیار دەکات کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە و بەیەکجارەکی قەدەغەی دەکات .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەکەم :** مافی پێدانی مۆڵەت و ڕێگاپێدان بەمەبەستی مامەلەو سەوداکردن و بازرگانی کردن بە ماددەو کەرستە ڤێتێرنەرییەکان تەنها و تەنها لە لایەن سەندیکاوە دەبێت و بە پزیشکانی ڤێتێرنەری دەدرێت .

**دووەم :** مەرجی ڕاژەی پێویست بۆ برگەی (یەکەمین) ی سەرەوە بریتیە لە (٥) پێنج ساڵی ڕاژەی کرداری .

**سێیەم:** بۆ بەدەستهێنانی مۆلەتی کردنەوەی کارگەیەك بۆدروستکردنی ماددەو کەرەستە ڤێتێرنەرییەکان بۆ ئەو ماددەو کەرستانەی کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە ، ئەم مەرجانەی خوارەوە پێویستە :

أ. دەبێت ناوی ئەو کارگەیە تۆمار بکات لە وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و ژووری بازرگانی هەرێم .

ب. شوێنی بەرهەمهێنانی ماددەو کەرەستە ڤێتێرنەرییەکان دەبێت مەرجە هونەری و ڤێتێرنەری و تەندروستی گشتی و ژینگەیی هەبێت .

ج. دابین کردنی کارمەندی تایبەت لە پزیشکانی ڤێتێرنەری و کارمەندی هونەری یاریدەدەر بە پێی سروشتی کارەکە

د. بەڵێندان بەپابەند بوون و پیادەکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە لەو بوارە دەرچوون لە لایەن وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەندیکا .

**چوارەم** : لە کاتێك ئەگەر مۆڵەتپێدراو کۆچی دوایــی کــرد ، مــاوەی (٣) ســێ مــانگ بــە وارســی دەدرێــت بــۆ یەکلاکردنەوەی باری یاسایی و دارایی بۆ مۆڵەتە وەرگیراوەکە ئەمەش بە سەرپەرشتی کردنی پزیــشکێکی ڤێتێرنەری وەك بەرپرسی هونەری و نوێنەرێك لە لقی سەندیکادەکرێت .

**ماددەی هەشتەم :**

**یەکەم** : مۆڵەتی کارکردن کە لە ماددەی حەوتەم لەسەرەوە باسکراوە لە لایــەن وەزارەت/ بەڕێوەبەرایــەتی گــشتی دەدرێت دوای هاتنە دی گشت مەرجەکان .

**دووەم** : داواکاری وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکرێت لەگەڵ گشت بڕوانامەو دیکۆمێنتە پێویستەکان ، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری پارێزگاکان و دەبێت لەلایــەن ســەندیکاش لایــەنگیری بکرێت .

**سێیەم** : مۆڵەت دەدرێت و بەمانەی خوارەوەش نوێ دەکرێتەوە :

**أ**. یەك جار مۆڵەت دەدرێت بۆ هەرماددەیەکی ڤێتێرنەری بە گوێرەی کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئەو ماددانەی لــەو ڕێنماییە هاتووە ، ساڵانە نوێ دەکرێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەندیکا بە پێی ڕێکخەر و ڕێنماییەکان .

**ب**. بە گوێرەی ئەو کۆمپانیا و کارگانەی کە لەو بوارە ئیش دەکەن (مامەڵــەو ســەوداکردن بــە مــاددەو کەرەســتە ڤێتێرنەرییەکان کە لە مادەی دووەم دا هاتووە) ئەوانە مۆڵەتیان پێدەدرێت بە پێشکەشکردنی داواکارییــەك بــۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی و لەلایەن سەندیکاشەوە دەبێت پشتگیری بکرێن .

**چوارەم** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی ئەوەی هەیە کە مۆڵەتەکە وەربگرێتەوە یان نــوێ نەکاتــەوە لەهــەر مۆڵــەت پێدراوێك کەسەرپێچی ڕێنماییەکانی کرد .

**پێنجەم** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکا مەرجە پێویستەکانی مۆڵەت پێدان و نوێ کردنەوە و ڕەتکردنەوە و مامەڵەو سەوداکردن و بەرهەمهێنانی ماددە و کەرەستە ڤێتێرنەرییەکان کە لە مــاددەی دووەمی ئەم ڕێنمایانە دا هاتووە ، و ئەو تاقیگانەی کە ئامادە کراون بۆ شیکردنەوەی و هەموو شتێك کە پەیوەندی هەبێت بە مامەلە کردن بەو ماددانە لە هەرێم دیاری دەکات .

**ماددەی نۆیەم :**

وەزارەتەکانی هەرێم و دەستەی تۆژینەوەی زانستی ، بۆیان هەیە ئەو ماددەو کەرەستانە هاوردە بکەن کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە ، بۆ بەکارهێنانی تایبەت بە خۆیان بە پێی ڕەزامەندی وەزارەت/ بەڕێوەبەراەتی گشتی لەسەر جۆر و بڕی ئەو ماددانەی کە داواکراون هاوردە بکرێن بۆ پڕکردنەوەی پێویستی کردارییان بەو ماددانە.

**ماددەی دەیەم :**

سەندیکابە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە بواری کارەکانی خۆیدا هەڵدەستێت بە رێکخستنی سەردان و پشکنینی مەیدانی بە شێوەیەکی کتوپڕ لە لایەن لیژنەکانییەوە بۆ سەر کۆمپانیا و کارگە و کۆگا و نووسینگە و تاقیگەکان و نۆرینگەکان ، بۆ وەرگرتنی نموونە لەو ماددەو کەرەستە ڤێتێرنەرییانەی کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە کە بەرهەمهێنراون یان هاوردە کراون یان سەوداو مامەڵەیان پێدەکرێت لە هەرێم بە مەبەستی پشکنینی تاقیگەیی لە تاقیگە ناوخۆییەکان یان تاقیگە بڕواپێکراوە بیانییە پێشکەوتووەکان ، بۆ دڵنیا بوون لە پێکهاتەکانیان و جۆرەکانیان و دروستیان بۆ تەندروستی گشتی .

**ماددەی یازدەم :**

لەسەر مۆلەتپێدراوە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەندیکا بکاتەوە بە وێنەیەکی راستێندراو لە تۆماری بازرگانی ، لە کاتی تۆمارکردن یان لەکاتی هەر هەموارکردنێك یان هەر گۆڕانێك کە ڕوودەدات ، بە ناوی خاوەن شوێن یان کارگە یان کۆمپانیای مۆلەتپێدراو یان گۆڕان لە ناونیشان یان ناونیشانی بازرگانی لە ماوەی یەك مانگ لە رێککەوتی بەدەستهێنانی تۆمارکردنەکە یان گۆڕینەکە یان هەموارکردنەکە .

**ماددەی دوازدەم :**

لەسەر خاوەن (کۆمپانیاو کارگە و کۆگاکانی دەرمان و نووسینگە و تاقیگە و نۆرینگەکانی ڤێتێرنەری مۆلەتپێدراو)ە کە کاری بەرهەمهێنان و بازرگانی و مامەڵە کردن ئەنجام دەدەن بەو ماددانەی کە لە ماددەی دووەم دا هاتوون ، هەموار کردنی بارەکانیان بکەن کە لەگەڵ فەرمانی بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە بگونجێت بۆ ماوەی ( ٣ ) سێ مانگ لە رێککەوتی دەرچوونی ئەم رێنماییانە .

**ماددەی سێزدەم :**

تەنها وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی لێوردبوونەوە و پشکنینی بڕوانامەی سەرچاوەی هاوردەکانی هەیە ، لە ماددەو کەرەستەکانی کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە .

**ماددەی چواردەم :**

**یەکەم :** قەدەغەکردنی هەر ماددەو کەرستەیەك کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە تەنها بە فەرمانی وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی دەبێت .

**دووەم :** پێویستە لەسەر خاوەن (کۆمپانیا و کارگە و کۆگاکانی دەرمان و نووسینگە و تاقیگە و نۆڕینگەکان)ی ڤێتێرنەری مۆلەتپێدراو، کۆگاکردنی ئەو ماددەو کەرستە ڤێتێرنەریانە بە پێی مەرجە ڤێتێرنەری و تەندروستی و ژینگەیی و تایبەتمەندی هەر ماددەیەك بێت کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەندیکا دەردەچێت .

**ماددەی پازدەم :**

لەسەر خاوەن مۆڵەتە تۆمارێکی تایبەتی هەبێت بۆ تۆمارکردنی داهاوێشتەو دەرهاوێشتە و فرۆشراوەکان لە ماددەو کەرەستە ڤێتێرنەرییەکانی کە مامەڵەی پێدەکرێت و لە ماددەی دووەم دا هاتووە .ئەم تۆمارەش هەموو کاتێك دەکەوێتە بە ئەگەری پشکنین و لێوردبوونەوە لەلایەن لیژنەی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەندیکا ، پاش هەر پشکنینێك مۆر دەکرێن لەلایەن لیژنەی پشکنین .

**ماددەی شازدەم :**

فەرمانێك لە وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەردەچێت بە :

أ. رێنماییەکان بۆ مۆڵەت پێدراو بۆ بەرهەمهێنان و مامەلەکردن و فرۆشتن و ئیشپێکردن و پاراستن و دابەشکردنی ئەو ماددەو کەرستانەی کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە و دانانی تۆمارێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە .

ب. مەرجە هونەرییەکان بۆ پێدانی مۆلەت و تۆمارکردنی ماددەو کەرەستە ڤێتێرنەریەکانی خۆماڵی و بیانی .

**ماددەی حەڤدەم :**

أ. هەرکەسێك بەبێ مۆڵەت مامەڵە و سەودا کردن وبەرهەمهێنان و بازرگانی کردن بەو ماددەو کەرستە ڤێتێرنەریانەی لە ماددەی دووەم دا هاتووە بکات ئەوا دەدرێتە دادگاکانی هەرێم وبەپێی یاساو رێسا پەیڕەوکراوەکان لە دادگاکانی هەرێم لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت .

ب. هەرکەسێك مامەڵە بە ماددە قەدەغەکراوەکان بکات دەدرێتە دادگاکانی هەرێم وبەپێی یاساو رێسا پەیڕەوکراوەکان لە دادگاکانی هەرێم لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت .

**ماددەی هەژدەم :**

هەماهەنگی دەکرێت لە نێوان وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی و دەزگاکانی تایبەت بەکۆنترۆلی جۆری لە هەرێم و لەگەڵ ئەو دەزگایانەی کە پەیوەندارن لە حکومەتی فیدرالی عێراق بۆ فەراهەمکردن و ئاسانکاری جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم رێنماییانە .

**ماددەی نۆزدەم :**

لەڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بلاّودەکرێتەوە و کاری پێدەکرێت لە دوای تێپەڕبوونی (٣٠) سی رۆژ لەسەر رێککەوتی بلاّکردنەوەی .

**جميل سليمان حيدر**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**